## عەقلیەتی کورد و سیاسەت

## دیموکراتی بۆ عێراق و دیکتاتۆری بۆ کوردستان..!!

"کێشەی کوردەکان هەر ئەوە نیە کە دابەشکراون بەسەر چوار وڵاتدا ، دواکەوتووترن لەو میللەتانەی کە لە ژێر دەستیاندان "، ، ئەمە قسەی جیرار شالیانە لە کتێبەکەیدا کە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە سەر کورد نوسیویەتی. کە ئێستا لە مەڵبەندی دیراساتی ستراتیژی کاردەکات لە پاریس. بێگومان راستە، ئەگەر زانست و زانیاری زیاتر بێ و ئاستی هوشیاری بەرزتر بێ، ئەتوانی بە ئاسانی بەرامبەرەکەت مامەڵە بکەیت و ئیستیخلالی بکەیت ، بە مەبەستی ئەو بەرژەوەندیەی کە هەتە. هەر لەبەر ئەوەشە " غەرب "هەموو کاتێ براوەیە لە گەمەیدا.

ئەگەر دیموکراتی شتێکی چاک بێ !، چل ساڵە وەک شیعار و ئامانج بەرزکرابێتەوە بۆ عێراق ، ئەی باشە بۆچی ناچەسپێندرێ بۆ میللەتەکەی خۆت؟ پرسیارێکی گەورەیە ، وەڵامێکی درێژی دەوێ . کاتێ جەلال تاڵەبانی لە تورکیا گەڕایەوە، پاش هەفتەیەک چووە سەردانی مەسعود بارزانی، بە رۆژنامەنوسەکانی گوت : هیچ جیاوازیەک نیە لە هەڵوێستماندا. پاش چەند هەفتەیەکی دی مەسعود بارزانی نقوڵی بەخشیەوە و گوتی : بۆ زۆر شتی تریش هەر پێکەوە دەبین. مەبەستی لە یەکێتی بوو. مەبەست چی بوو لە (زۆر شتی تر )، شتێک نیە بخرێتە روو!، ئەگەر هەردوو تەعبیرەکە ووردبکەینەوە، هیچ کامیان دیموکراتی نین. کەشی دیموکراتی برتیە لە جیاوازی هەڵوێست و لێدوان لە جیاوازی و دۆزینەوەی ناوکۆیی. ئەوەی تریان ( زۆر شتی تر ) : ئەوە دەبەخشێ تا ئەو ( زۆر شتی تر ) ە پێکەوە دەبین و دوایی جیا دەبینەوە.

دیموکراتیەت: پێویست ناکات بچینە ناو فەلسەفەی دیموکراتی و تیۆریەکانی سیاسەت، یەکێ لە بنەماکانی دیموکراتی بریتیە لە بەرامبەرێتی، بۆ روونکردنەوە و لێدوان لەو کێشانەی لە نێواندایە و لە ناو کۆمەڵدایە، بە مەبەستی روونکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆی . وا هەڵبژاردنە لە ناو میللەتی کوردا، ئەو دوو سەرکردەیەی میللەتی کورد و حیزبیەکان و حیزبەکانی تر کۆڕ ناگرن لە سەر رادیۆ و تەلەفزیۆن، دانانیشن پرۆژە و بەرنامەیان بۆ میللەت بخەنە روو و گفتوگۆی بکەن، نادوێن لە جیاوازی هەڵوێست و کێشەی نێوان تا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، خۆیان بۆ میللەتەکە روون ناکەنەوە تا قەناعەت بە خەڵکی بکەن، کامیان باشترە و لایەنگری کام لایان بن. لە جیاتی کارەکە ئاسان دەکەن و پارە دەدرێ بە کوێخای دێهاتەکان. حیزبەکان یاری خۆشاردنەوە دەکەن لەگەڵ میللەت و میاو میاوێن. باش دەزانرێ کە ئەو دوو سەرکردەیە عەبدوڵا ئۆجلان نین و ساڵەهای ساڵ لەو شاخەدا خەباتیان کردوە شان بە شانی پێشمەرگە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەبێ چاوپۆش بین و هەر چەپڵە لێبدەین. خەلەل بە تەنها لە تاکدا نیە، بەڵکو لە ستركتور و سیستم و عەقلیەتی جەماعیدایە.

یەکێ لە لێپرسراوە گەورەکانی فەلەستینی گوتی : ئێمە حکومەتی فەلەستینیمان دروست نەدەکرد، حکومەتی عەرەفاتمان دروست دەکرد. ئەشێ بگوترێ خۆ ئێمەش ئەم چەند ساڵە حکومەتی کوردستانمان دروست نەدەکرد، حکومەتی بارزانیمان دروست دەکرد: خولی بارزانی ، هۆڵی بارزانی، مەدالیای بارزانی......... هتد . بە دڵنیایەوە دەگوترێ ئەم جۆرە ئەخشانە هی خۆیان نیە ، هی ئەوانیە کە دەیانەوێ خۆیان بەرنە پێشەوە تا شتێ بپچڕن.

میللەتی کورد نە داوکاری حکومەتی تاڵەبانیە، نە حکومەتی بارزانی. میللەت حکومەتی میللەتی کوردستانی دەوێ. جا گرنگ نیە ، کە هەر دوو ساڵ جارێ یا چوار ساڵ جارێ کێ بەڕێوەی دەبات و کێ کرێچی خانوی وەزارەتە. گرنگ ئەوەیە چۆن بەڕێوەدەبرێت و چ کارێ بۆ میللەت دەکرێ.

رزگار حەسەن